www.kurdistannet.org
15-11-2005 13:30بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کارەساتی دڵتەزێن.. بەدڵخۆشی و ناخۆشییەوە! ... شەیدا بڵباس



ئایا زەوی کائینێکی زیندووە؟! ئەگەر نا؛ ئەی هۆی چییەئەو ڕووداوەکارەساتەسروشتیانەی هەر جارەو شوێنێک دەگرێتەوە! وەکو[ زریان و بورکان و بوومەلەرزە.. هتد]. جیۆلۆجیستەکان تاکو ئێستا وەڵامێکی متمانەی ئەوتۆیان پێ نییە، لەهۆ و هۆکاری کارەسات و ساتی بەر لەڕوودانی و نهێنی شاراوەی دڵی زەویش هێشتا پەی پێ نەبردراوە.. چۆن ڕێژەی تەمەنی مرۆڤ بڕی ئەوەندەناکا، لەکاتێکدا نیوەی کاتی تەمەن بەشەو و خەو بروات، بازنەی بیرکردنەوەبەرتەسکتر دەبێتەوە. ئەوەی ئەمێنێتەوەش هەر هێندەی لێهەڵدەکرێنرێت. هۆێکی تریش بۆ ئەوەدەگەرێتەوە، کەدابەزین بۆ ناخ چەقی زەوی، ڕادەێکی دیاریکراوەو لەتوانای مرۆڤ بەدەرە.

بورکان{ئاگرپڕژێن} لەچیاکان و بوومەلەرزەزیاتر لەدەشتایی و لافاو و زریانیش کەنار دەریا دەگرێتەوە. لەکارەساتی تۆقێنەرو مەرگەساتی کۆکوژی لێکەوتۆتەوە، سەرەڕای ماڵوێرانیش بەرۆکی هەژاران دەگرێت، لەزۆربەی ئەم کارەساتانەدا.

ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بودجەی تایبەتی ساڵیانەتەرخان دەکەن بۆ ڕووداوی ئەم کارەساتەناکاوانەدا، بەڵام نەکاری دەست و بردی خێراو ڕاستەوخۆ بۆ فریاگوزاری، وایکردووەزیانەکەزیاتر بکەوێتەوە؛ ئەمش بەرەچاوکردنی دەستەڵاتی ناوەخۆیی ووڵاتەکەو ڕێگری یاسایی لەبەر دەمیاندا.

ئێران لەسەر هێڵی مەترسیداری بوومەلەرزەیە، .. بەپێی جیۆلۆجیستی ژاپۆنی، گوایەلەدەساڵی داهاتوودا، بوومەلەرزەێکی توند بەپێوەری ڕێختاری9، 8 بەرەو تارانی پایتەختی ئێران دەگاو، تەختی دەکات. ئەو بوومەلەرزەی لەم دواییەش کەناوچەی کشمیری نێوان" پاکستان و هیندوستان" ی گرتەوە، یەکێک بوو لەو کارەساتەمەرگهێنەرەکۆکوژەی، کەزێتر لەسەد هەزار قوربانی لێکەوتەوە. بوومەلەرزەکەی تورکیاش کەزیانی لەشەست هەزار تێپەڕاند؛ ڕێک دوای گیرانی سەرکردەی"پ.ک.ک" ی کوردستانی تورکیاو یەخسیرکردنی بەم جۆرەو نیشاندانی بەو شێوەدیلەناو قەفەس؛ کەچی ئەندامانی پارتەکەی لەجێی دڵخۆشی کەوتنەکۆمەک کۆکردنەوە.. لەئەوروپا وئەمریکا بۆ یارمەتیدانی حکومەتی تورکیا و پێشاندانی دڵسۆزێتیان! ئەمەش دەگەڕێتەوەبۆ ناتەواوی کەسایەتی مرۆڤی شۆڕشگێری کورد، لەم بەشەپەروەردەو هەڵسوکەوتی. هەرچەندەلەتەواوی شۆڕشەکەیان نەیانتوانی بەئەندازەی ئەم بوومەلەرزە، لەدوژمن بکوژن و گورزی کاریگەریان هەبێت.

عەرەب و ئیسلامیش "هەر تاوانێک لەئاسمانەوەدێ بەرەو زەمین"ی مامۆستا هێمن گۆتەنی_کاتێک کارەسات ڕوو لەئەمریکا و ئەوروپا دەکات؛ یەکسەر دەڵێن: "ئەوەخوای ئێمەیەو تۆڵەیان لێدەکاتەوە". کەسەشت ساڵەی ئیسرائیلی دوژمنی سەرسەختی عەرەب وئیسلام نەماندیت و نەمانبیست، جارێک خوا دەستێکیان لێبوەشێنێت! کەبوومەلەرزەلەئێرانیدا سوونەبەگشتی دەیانگووت:" لێگەڕێ شیعەن! یاخوا خراپتریان

بەسەربێت." بۆ تورکیاش ووتیان:" پەیوەندی بەئیسرائیلەوەهەیە، خوا هەتا چیا نەبینێت بەفری تێناکا."کارەساتەلافاوەکەی تسامیش کەڕۆژهەلاتی دووری ئاسیای گرتەوە، نەهامەتیەکەی بەمەرگەساتی زێتر لەشەست هەزار کۆتایی هات.. لەسەرتاسەری دونیا بەرەو فریاگوزای ئامادەییان هەبوو. بەڵام هیچ کارەساتێک هێندەی ئەنفال گەورەنەبووە! کەخۆی لەچارەکەملیۆنێک مرۆڤ، بەدەستی ئەنقەست و پلانی لەناوبردنی نەتەوەێک و بێ یارمەتی و تەنها دەستی نزاو پاڕانەوەی ڕوو لەئاسمان بوو.. بەبێدەنگی سەکپکرایەوە. زریانەکەی کاترینای ئەمریکاشیان بەستەمی داگیرکردنی ئێراق و پشتگیری لەجوولەکەخوێندەوە. تۆ بڵێی نەرمەلەرزەکەی کەلاریش خوا خێسەی لەگەندەڵی ئیداری ناوچەی ژێر دەستەڵاتی ی.ن.ک" نەکردبێت..! جا خۆ ئەگەر بەم جۆرەبێت، مام جەلال بۆ دروست بوونی دەوڵەتی کوردی دەڵێ؛ پێویستی بەجەنگی جیهانیە! کەبەمەش خەونەکەمان مەحاڵە.. جا کەواتەدەبێ چاوەڕێی مەرحەمەتی خوا بکەین، بەموعجیزەکەسنووری کوردستان بەبوومەلەرزەێکی ڕیختار مامناوەندی لەدوژمنان دابېڕێت وجیامانکاتەوە.. ئەگینا هیچ ئومێدێکی تر شک نابەم، تا دڵی پێخۆش بکەم.